# کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنەو...
# سۆسیۆلۆژیای بازاڕ و مۆدێل

ن: رزوان جەودەت
و: جەزا حەمەلاو

زۆر کەس لە خوێندنەوەی فکری پۆست مۆدێرنەدا ئارەزوو دەکەن وەك "کاردانەوەیەکی ئەوانەی روودەدەن لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا" لە قەڵەم بدەن. ئەمانەش دەرکەوتنی پۆست مۆدێرنە دەگێڕنەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی، یەکەمیان دووپاتکردنەوەی تایبەتمەندی دیاردەکەیە، بە حوکمی سەرهەڵدانی لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان و دووری کۆمەڵگاکانی تر لە هەمان دیاردە، کە بەمەش کەنارگیر و دوور دەبن لەو مشت و مڕەی لە ئارادایە دەربارەی پۆست مۆدێرنە. دووەمیشیان سووربوونە لەسەر بەستنەوەی میکانیکی فکری پۆست مۆدێرنە بە گۆڕانکاری کۆمەڵگەی رۆژئاوایی، بەشێوەیەك هەموو فکرەکانی پۆست مۆدێرنە ببێتە دەرئەنجامێکی سروشتی ژیانی رۆژئاوا لە دژایەتیەکانی بۆ ئایدۆلۆژیای مۆدێرنەو بە تایبەتیش لە پەیوەندییەکانی سەنتەر بە دەوروبەری خۆیەوە، لەگەڵ ئەوەی کە مۆدێرنە بەرهەمی هێنا لە پەیوەندییە قۆرغکراوەکان، وەك لەدەستدانی یەکسانی و باڵادەستی هەڵبژێردراوەکان و سەپاندنی هەژموونی رۆژئاوایی بەسەر کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا.

وەك کاردانەوەیەکیش چەند بزووتنەوەیەك پەیدا بوون کە خاوەن رەسەنایەتی کۆمەڵایەتی بوون و بانگەشەی کۆتایی هاتنی بیرۆکەو بۆچوونەکان دەکەن و داواکارن کۆمەڵگە، لە هەموو پێوەرێکی هەڵسەنگاندن، بەهێزکردنی لایەنگری تاکڕەوی، هاندانی رۆشنبیری شمەك و بەکارهێنان و رەتکردنەوەی وتەکانی باڵادەستی عەقڵ رزگاری بێت، لەجیاتی ئەمانە پۆست مۆدێرنە باس لە ناعەقڵانی عەقڵ دەکات. بەکورتی وەك یەکێك لە توێژەرەوەکان وەسفی کردووە، کە بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت لە هەموو شتێکدا، لەپێناو تاوانبارکردنی هەر شتێك، بەپێی ئەمەش هێندە باسی کۆمەڵگاو

گۆڕانکارییەکانی ناکات لەچاو قووڵ بوونەوەی لە قسەکردن لەسەر ئەو دەسەڵاتەی کۆمەڵگای لەژێر دەستدایە، ئەم کۆمەڵگەیە بە چەند زاراوەیەك وەسف کراوە، کە هەندێکیان لە روانگەی سیاسییەوە یان ئابوورییەوە یان کۆمەڵایەتییەوە وەسفیان کردووە، هەندێ جاریش وەك وەسفەکەی زانای کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی (تۆریت) بە (کۆمەڵگای دوای پیشەسازی) ناوبراوە، بەبۆچوونی (فردریك جیمسۆن)یش (کۆمەڵگای زانیاری)یان (کۆمەڵگای بەکارهێن)ە، ئەم وەسفانە لە درێژەی ئەم هەوڵانەدایە کە ئامانج لێیان دروستکردنی پەیوەندییەکی رەمزییە لەنێوان رۆشنبیری پۆست مۆدێرنەو سەردەمێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو، بۆ نموونە پێکەوە بەستنەوەی لەدایك بوونی (کۆمەڵگای پاش پیشەسازی) و (رۆشنبیری پۆست مۆدێرنە)، وا دەریش دەکەوێت کە (دانیال بل) کۆمەڵناسی ئەمریکی دیارترین کەسە کە باسی ئەم پەیوەندییە پێکەوە گرێدراوەی کردووە، کە بەئاشکرا جیاوازی دەردەخات لەنێوان گۆڕانکارییە لە ناکاوەکانی سەر ئاستی ئابووری و ئەو هەولانەی دراون لەسەر تەواوی کەرتی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەك ستراکتۆری کۆمەڵایەتی پیشەیی نوێ تەنیا لە دەوری تواناکانی هزردا پێك دێت.

وەسفی (پۆست) لێرەدا پەیوەندی بەو بانگەشانەوە هەیە کە بەرهەومی کەسایەتی ناو هەر کەرتێکی کۆمەڵایەتیین.

بەمەش (بل) داوامان لێ دەکات لە سروشتی کۆمەڵگای پاش پیشەسازی وردبینەوە، لە رووی لەبەریەك هەڵوەشانی پرەنسیپەکانی بزووتنەوەو کارکردن تێیدا، زیاتر لەڕوووی یەکسانی و پێکەوە بەستنی سەپێندراو بە سەر رژێمی کۆمەڵایەتیدا.

بەم شێوەیە ململانێی کۆمەڵایەتیە نوێ و سەپێنراوەکان، ناکەونە دەرەوەی چوارچێوەی رژێمی بەرهەمەوە، بەڵکو لەسەنتەردان و پەلدەهاون بۆ گۆڕەپانی نوێی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە راگەیاندن و پەروەردەو بەکارهێنان بە پەیوەندییەکی زیاتر پتەو لە پەیوەندییەکانی پێشووتر بەستراوەتەوە بە گۆڕەپانی بەرهەمەوە، بۆیە لەسەرمان پێویستە کە ناکۆکیە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ بە رژێمی حوکمی ئابووری و سیاسی نەکەین، کە ئەمەش ناچارمان دەکات دەست هەڵگرین لە چەمکە تەقلیدییەکانمان لە شیکردنەوەی کۆمەڵگاکان. لەنموونەی چەمك گەلی (چینی کۆمەڵگەو ململانێی چینایەتی) لەپێناو قسەکردن دەربارەی پشێوییەو بلاو و سروشتییەکان، کە مەبەستمان نییە پشت گوێیان بخەین، بەڵکو لێیان وردبوینەوە لەو سنوورەدا کە دەتوانین دانووستانیان لەسەر بکەین.

لەلایەکی ترەوە (فردریك جیمسۆن) ئاماژە دەدات بە پەیوەندی متمانەپێکراوی نێوان پۆست مۆدێرنەو قۆناغی ئێستای سەرمایەداری فرە رەگەز.

بەوەی پۆست مۆدێرنەی نوێ لە قۆناغی پێشکەوتووی ئێستادا. دەربڕی راستییە کۆمەڵایەتییەکانی رژێمی تێکەڵاوی نوێی سەرمایەدارییە، بەمەش رۆشنبیری پۆست مۆدێرنە لەگەڵ شێوازە نوێکاندا دەگونجێت وەك بەکارهێنان و خێرایی بەکارهێنانی مۆدێلی دروست لەگەڵ کاتدا.

بەمەش دەگات بە ئامانجێك کە بەکورتی ئەوەی لە پۆست مۆدێرندایە، (مۆدیل) نییە بۆ قۆناغی سەرمایەداری ئێستا، بەڵکو خودی رۆشنبیرییەکەیەتی.

**نرسیس:**

ئەم دەروانە رۆشنبیرییە بۆ خوێندنەوەی دیاردەی پۆست مۆدێرنە، کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری رۆشنبیران و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە، کە ئەمەش بێ گومان رواڵەتێکی زۆر دیاری دیاردەی پۆست مۆدێرنەیە، بەتایبەتیش لە کەرتەکانی تەلارسازی و هونەر و سینەماو ئەدەب.

هەربۆیەش خوێندنەوەی (سکوت لیش) بۆ دیاردەی پۆست مۆدێرنە وەسف کردنیەتی بە رووداوێکی رۆشنبیری، کە سێ تایبەتمەندی گشتی هەیە، یەکەمیان بەرهەمی دروست بوونی جیاکەرەوە رۆشنبیرییەکانە، دووەمیان دروست بوونی رژێمێکی نوێیە لە رەمزە کۆمەڵایەتییە زیاتر وەسفکراوەکان بە بینراو وەك لەناوبردنیان بە بەرجەستە، سێیەم دیاردەیە کە رەنگدانەوەی گۆڕانکارییە ئاشکراو روونەکانە لە ریزبەندی و پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان.

زیاد لەمەش چەند زانایەکی کۆمەڵناس هەن، خوێندنەوەیان بۆ دیاردەی پۆست مۆدێرنە، بەپێی تاقیکردنەوەیانە لە ژیاندا. وای دادەنێن دیاردە کۆمەڵایەتییە ئاشکراکانی سینەماو ئەدەب و کۆمەڵایەتی و بەکارهێنان، هەموویان روانگەیەکی هەمەجۆر و سەرنجراکێش، بۆ راستییە کۆمەڵایەتییە تاکرەوەکان پێك دێنن. بەمەش ئەوان غیابی لێکدانەوەی یەکگرتووی گشتی کۆمەڵایەتی دووپات دەکەنەوە لە بەرامبەر بڵاوبوونەوە، لەگەڵ چارەسەری تاکانە لە شوێنی چارەسەری گشتیداو دەرکەوتنی ئەوەی پێی دەوترێت نەرجسیەتی تاکانە، کە تێدا بکەری کۆمەڵایەتی توانای کاریگەریی لە چوار دەوری کۆمەڵایەتیەکەیدا نامێنێت. بۆیە پەنا دەبات بۆ چڕبوونەوە لەخوددا، بەمەش خەڵکی دەستە وەستانیان پێوە دەردەکەوێت قوربانیانی فەوزا لە ریزیاندا زیاد دەکات.

لەبەر ئەوە پێویستە لەکاتی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنە تەرکیز بکرێتە سەر سەربەخۆیی رژێمە لاوەکییەکان لەناو خۆیانداو رێگەگرتن لە کۆبوونەوەیان لە هەر کۆمەڵەو ریزبەندییەکی تاکانەدا.

ئەم لێك جیابوونەوەو پێچەوانەییە سیفەتی ئەم کۆمەڵگەیەیە کە رژێمێکی ژێدەری هاوبەشی تێدا نییە پاڵ بەو تاکانەوە بنێ بۆ ئەوەی گردببنەوە لە دەوری، یان لە دەوری ئالیەتی کارکردنی خودەوە، بۆیە پەیوەندی لەنێوانیاندا ئاسان نابێت، جگە لە پەیوەندی زانیاری گۆڕینەوەو راگەیاندن.

راستگۆیی ئەم فکرانە بەشێوەیەکی واقعی و بەرجەستانەیە، بریتییە لە دەرکەوتنی فکری (بازاڕ) وەك پرەنسیپێکی جیاواز لەو رژێمەی کە حوکمی کۆمەڵگە دەکات، کە وەك کەمکەرەوەی ئالۆزییەکان و کەناڵێك بۆ راگەیاندن لەنێوان پارچەکانیدا کاردەکات.

بازاڕ لێرەدا دەربڕی لۆژیکی مێژووی کۆمەڵگەو گەشەسەندنیەتی، هەر ئەویشە سروشتی رژێمی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەکات و دەربڕی تایبەتمەندییەکانیشە لەرێگەی پەنادانی جیاکەرەوەو جیاوازییەکانی نێوان پارچەکان.

بیرۆکەی بازاڕ کە جەستەی ژیانی مێژووی مرۆڤایەتییە، ئێستا لەسەرکەوتنێکی بێ وێنەدایە لە ئابووری و سیاسەت و کۆمەڵگەدا، وەکو راستیەکی شێوە ئاینی لێ هاتووە، کە پێویستە چەند رووداو و شتێك لە کۆمەڵگەدا روودەن، کە لە توانای رێکخستن و کۆنترۆڵدا نەبن. هەموو شتەکان بە فەوزا دەجوڵێن، ئەمەیە جەوهەری دیاردەی پۆست مۆدێرنە.

(جۆرج)یش بەهەمان شێوە وەسفی فەوزای کـردووە وەك روویەکی داهێنان یان وەك بزووتنەوەیەکی کۆن کە فـەرامۆش کـراوەو بـەتازەیی هێنراوەتـەوە مەیـدان، بەمـەش نوێنـەری رێگەپێـدراوی ئیجـابی گۆڕانـەو هەڵسووڕێنەری گوتارێکە، کە بەدڵنیاییەوە قبوڵکراوە، وەك شێوە پەیوەندییەك لەگەڵ جیهاندا.

گـەر بیرۆکـەی (بـازاڕ) نیـشاندەری رێکـاری کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنەبێت کە پشێوی حوکمی تێدا دەکات، ئەوا فەوزا بەوەسفکردنی وەك هێمای ئامادەیی بازاڕ و بوونی، دەبێتە شێوە رژێمێك لە کۆمەڵگـەکانی پۆست مۆدێرنەدا، کە شێوە خودایشدایەك وەردەگرێت.

هەر ئەمەشە کـە بنیـادی تـاکڕەوی وەك هێزێکـی نادیار لە دەرەوەی هەموو کۆنترۆڵێکـدا دادەنێـت، کـە ئەمەشە دەیکاتە هێزێکی لەناوبەر و تێکدەر.

کاتێك تاکەکانی کۆمەڵگـە لـە ژیانیانـدا هەسـت بکەن هاوتایی خۆیـانن ئـەو کـات کۆمەڵگـە دەبێتـە مۆڵگەی خۆپەرستی و پێویـستە خـود پارێزگـاری لـێ بکرێت. بە وەسکردنی وەك خاڵێك بۆ بـچووککردنەوەی کۆمەڵگە.

ئەفسانەی (نرسیس) ناوونیـشانی ناکۆمەڵایەتییـە، مادام تاك دیلـی وێنـەی ئاوێنـەی خۆیـەتی، بەمـەش لەهەموو پەیوەندییەکان پاشەکشە دەکات و دواجاریش لەم پێناوانەدا دەمرێت.

### هونەری پۆست مۆدێرنە

ئەم دیدە، سیغەی هونەری پۆست مۆدێرنـە کـورت دەکاتەوە، کەوا چاوەڕێ دەکرێت، رەنگدانەوەی وێنـەی کۆمەڵگا بێت بە یەکێك لە رێگاکان، دەبێـت سـەرنجی ئەوە بدەن کە هونەر چۆتە قۆناغی هونـەری ئـەزەلی و بەردەوامەوە، مادام نوێ نایـەوێت ببێتـە کـۆن و نـەفی کراوەکانیش توانای داهێنانیان نەماوە، بۆیە هونەر لـە ئێـستادا کەرتـە جیاوازەکـانی سـینەماو ئـەدەب و شێوەکاری بەسەر دەکاتەوە.

تەنیا شـتێك نامێنێتـەوە کـە قەدەغـە نـەکرێت، ئەمـەش هونـەری پۆسـت مۆدێرنـە بانگەشـەو داوای سـڕینەوەی هـەژاران دەکـات لـەنێو کەرتـە هونەرییـە جیاوازەکان، کە لەم رێگەیەوە دەیەوێت ببێتە بنـەمای نوێکاری و هەوڵی ئەزەلی بۆ تاکڕەوی و هەڵهێنجانێکی مەزهەبیانە بۆ ئەگەرەکان، کە پـەنا دەبـات بـۆ لەبـەر یەکهەڵوەشـانەوەی بەشـە پێگـەیێنراوەکانی جەسـتەی رۆمانتیکی داهێنەری تاك، کە داخراوەو بەدەوری خودا دەسوڕێتەوە، تـا هونەرمەنـدی تـەکنیك زان بتوانێـت بەپێی ئارەزووی خۆی سەرلەنوێ پارچەکان یەکبخاتەوە، ئەمەش دەبیندرێت لە سیغە توندەکەیـەوە کـە لەسـەر بنەمای رەتکردنـەوەی مۆدێرنـەدا راوەسـتاوەو دەڵێـت (بەڵێ بۆ هەموو شتێك). بەمەش بزووتنـەوەی پۆسـت مۆدێرنە بەرەوپێش دەچێت و مۆدێرنە لـەناو دەبـات و ئاشــکرایانەش هـــەموو بنـــەماو دەســـتوورەکانی رەتدەکاتەوە.

مۆدێرنە ئیمپریـالی و خـاوەن رەوتێکـی نێرگـەری چـڕبوو لەوکاتـەی پۆسـت مۆدێرنـە دروشمـی ئـازادی بەرزکردۆتەوە بەمەش بزووتنەوەیەکی پەرش و بـڵاوەو، دەکرێ زۆر باڵی لێ جیاببێتەوە.

"لێرەوەش ئێمە لەلایـەنی ئـەدەبی فکـری پۆسـت مۆدێرنمان کۆڵیبەوە"یان ئەوەی پێی دەوترێت بێـدەنگی لە شوێنێکی تردا.

ئێمە زیاتر چڕدەبینەوە لە کورتکردنەوەی رواڵەت و تایبەتمەندییـە گـشتییەکان، کـە رۆشـنبیری پۆسـت مۆدێرنە لە کەرتە فرەلایەنەکانیدا هاوبەشە.

ئـەوەی سـەرەتا دەتوانـدرێت پـەی پـێ ببرێـت، کاردانـەوەی دەروونـی توندە بـە رووی مۆدێرنـەدا، بەشـێوەیەك رۆشـنبیری پۆست مۆدێرنـە هەوڵـدەدات

بوونی خۆی فراوانتر بکات، لە ڕێگەی تێکشکان یان کەمکردنەوەی ڕۆشنبیری مۆدێرنـە، ئەگـەر ڕۆشـنبیری مۆدێرنە بـەردەوام بوو بێـت لـە سەرزەنـشت کردنـی و تانەدان لە ڕۆشنبیری جەماوەر، بۆ کاروباری ڕۆشـنبیری وەك ڕۆشنبیری باڵاو ڕۆشنبیری شەعبی، ئەوا ڕۆشنبیری پۆسـت مۆدێرنـە ئەفزەلیـەت دەدات بـە زۆرینـەی شێوەکانی دەربڕینی ڕۆشنبیری.

هەروەك چۆن ڕۆڵی عەقڵ فەرامۆش دەکات، کـەوا تێیدا دەبینێت عەقڵ مرۆڤایەتی لەجیهان دەسـەنێتەوە پێش ئەوەی لەناوی بەرێت.

بەرپەرچـی زانـستی پۆزەتیڤـستی دەداتـەوە کـە پێکهێنەری یەکێك لە خواستەکانی مۆدێرنەیە. کە هیچ هەوڵێکی نـەداوە بـۆ گـۆڕینی پـرۆژەی مەعریفـە بـۆ پرۆژەیەکی ڕەمزی فرمانەوانی وەرگیراو، واتە بـەکورتی بۆ تەنیا کارێکی باسکراو، بەم پێیە کۆمەڵگای پۆسـت مۆدێرنە لە کۆمەڵگەیەکی خزمەتکردنی خـود دەچـێت کە فریودان تێیدا دەسـتێکی بـاڵای هەیـەو ئـارەزووی ڕێکخـستنی بـەکارهێنان و ڕێکخـراو ڕاگەیانـدن و پەروەردەو ڕەوشت دەکات.

بەم شـێوەیە پەیوەنـدی فریـودان هاتۆتـە شـوێنی پەیوەندی بەرهەم، ئەمەش بەرەو ئاراستەی سنووردانان بـۆ پەیوەندییـەکانی دەسـەڵات و زیـادکردنی هەڵـە تایبەتییەکان و پێدانی پێشینە بە زۆرینە دەڕوات.

لەگـەڵ پێـشاندانی بێـزاری بەرامبـەر بەبـەهاو مەبەستە گەورەکان کـە پەیوەنـدی لـە خێـزان و کـارو سوپاو ئەوانی تـریش ڕێـك دەخـات، لەگـەڵ ونکردنـی نەرێکان (سلبیات) بە وەسفکردنی وەك تاکە بەها، کـە هـەمووان هـەوڵی وەدی هێنـانی دەدەن، کـە دواجـار کۆمەڵگـە بـەرەو حاڵـەتێکی زیـان و دڵـەڕاوکێ و ڕەشنبینی دەبات.

بەڵام ئایا ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە بەخراپییـەکی تەواو بڕوانینە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنـە، ئێمـە بـێ ئاگاین لەو بیردۆزە ڕێژەییـەی کـە بیرمەنـدانی پۆسـت مۆدێرنە سورن لەسەر بـرەو پێـدانی لـەکاتی تێرمـانی کۆمەڵگاکاندا.

بەو پێیـە ئـەو بـەها تەقلیدیانـەی کۆمـەڵگاکانی بـەڕێوە دەبـرد و لەگـەڵ بـەهاکانی مۆدێرنـەدا ڕەگـی داکوتابوو،هیچ پێگەیەکی باشـتر وەرناگرێـت لەسـەر و ئەم بەهایانەوە دژایەتی دەکەن یان بە شوێنیەوەن.

لەبەر ئەوەی کۆمـەڵگا خـۆی بـەها تایبەتییـەکان فەرز دەکات کە دەربڕی گۆڕانکاری و خواسـتەکانیەتی، لەگەڵ پێویـستی وریـایی، لـە بەسـتنەوەی پەیوەنـدی میکانیکیانە، بەپێی بنەما مارکسیەکان لەنێوان فکر و کۆمـەڵگادا، بەسـتنەوە لەنێوانیانـدا پەیوەندییـەکی هەمیشە پێویست ناگەیەنێت، هەروەك چۆن پـچڕانێکی تـەواو ناگـەیێنێت، بەمـەش پێـشەنگەکانی پۆسـت مۆدێرنە، گومانیان لە نوێکاری هەیـە، لەبـەر ئـەوەی مۆدێرنـەکان پێیـان ڕاگەیانـدوون ئەوانـەی کـار بـۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی نـوێ ناکـەن کـە بـەهاکانی دابمەزرێنێت و کار بۆ هێنانـەدی بکـەن، لـەلای ئـەوان ڕۆڵی ڕۆشـنبیری پـەیامهێن کۆتـایی هـاتووە و ڕۆڵـی ڕۆشنبیری شەعبی هاتۆتە پێش، بۆ دەربڕینی پێکهاتەو عەمبار کراوەکانی ناخی، ئەو بەشێکە لـە ڕۆشـنبیری کۆمەڵگەو لێی جیانابێتەوە، چـونکە لەناویـدا سـەری هەڵداوە.

لەکۆتاییشدا هەموو تێڕمانێکی بەراوردکەرانـە لـەلای پۆست مۆدێرنەکان ڕەت دەکرێتەوە، چونکە ئـەوان لـە توێکانیانـدا حـوکمی ئـەو بەهایانەیانـداوە کـە هـیچ قورساییەکی بۆ دانانێن، چـونکە بەرهـەمی نیـشتووی سەردەمێکە دەخوازن لێی ڕزگاربن.